# رژێمی یەکگرتنی فیدرالی

دوکتۆر محەمەد شەیدا

رژێمی یەکگرتنی فـیـدرالی، جـۆرێکە لە جۆرەکانی مافی چارەی خۆنووسین. مافی چارەی خۆنووسین، بۆ یەکەم جار دوای شەڕی جیهانیی یەکەم هاتووەتە کایەوە. سەرۆکی ئەمریکا (ودرۆ ویلسن)، لەساڵی ١٩١٨ دا پرۆژەیەکی هێنایە بەردەست دەوڵەتە سوێندخۆرەکان کە بریتیبوون لە ١٤ خاڵ. یەکێک لەو ١٤ خاڵە، مافی چارەی خۆنووسینە.

مـافی چارەی خـۆنووسین، لە پرۆژەکـەی «ودرۆ ویلسن» دا بەمـەبەسـتی ئەوە هاتووە کـە ئەو گـــەلانەی کــــەوتوونەتە ژێردەست دەوڵەتە گەورەکانەوە، مافی چارەنووسی خۆیان وەربگرن بە دروسـتـکردنی دەوڵەتێکی سـەربەخـۆ، یان مافەرەواکانیان بدرێتێ و بەسەربەستیی، لەگەڵ گـەلێک، یان نەتەوەیەک، یان چەند نەتەوەیەک بژین. هەروەها مـافی چارەی خـۆنووسین لە ڕاگەیاندراوی «ئەتلەنتی» لە ١٤ ی ئابی ١٩٤١ ی زاینیـیـدا ناوبراوە و، لەسـاڵی ١٩٤٥ لـە بڕوانامـەی کـۆمـەڵی نەتەوە یەکگرتووەکـاندا دیاریکراوە.

مافی چارەی خۆنووسین، سێ واتا دەبەخشێ کە هەر یەکەیان سەربەخۆیە و لەوی دیکەیان جیایە کە ئەمانەن:

١ـ هەرچی گۆڕانێک کـە پێویستـە بگونجێ لەگـەڵ ئارەزووی ئەو گـەلانەی کـە پێویسـتـە جـیـابکرێنەوە لە دەوڵـەتێک کـە بخـرێنە سـەر دەوڵەتێکی دیکەوە.

٢ـ ئەو گـەلە، یان ئەو نەتەوەیە بە شێـوەی ئەو حکومـەتە هەڵدەبژێرن کە دەیانەوێت لەژێر سایی ئاڵاکەیدا بحەوێنەوە.

٣ـ گەلی ئەو هەرێمانە، یان نەتەوەکانی ئەو هەرێمانە کە فەرمانڕەوایی ئۆتۆنۆمـیـیـان وەرنەگـرتووە و ژێردەسـتـەن، مـافی ئەوەیان هەیە مـافی چارەنووسی خۆیان وەربگرن و شێوەی فەرمانڕەوایی خۆیان دیاریبکەن.

ئەو گەل و نەتەوانەی مافی چارەنووسی خۆیان وەردەگرن، مافی ئەوەشیان هەیە دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن بەسەر سامانەکانیاندا بەتایبەتی سامانە-سروشتییەکان وەک نەوت و ئاسن و شەمچە (کبریت) و فوسفات و ....

کوردستانی ئەمڕۆمان تا ئێستە چارەنووسی دیارینەکراوە و چارەنووسی کەوتووەتە گێژاوەوە. ئەم نەتەوە نێوچاوان ڕەشە، کەوتووەتە نێوچەیەکی واوە کـە هەمـوو دۆسـتـێکیـشی لێکردووەتە دوژمنی، ئەوجـا لەگـەڵ ئەوەشـدا کەوتووەتە نێو دوژمنانییەوە کە لە دێرزەمانەوە چاویان بڕیوەتە خاک و ماڵ و سامانی و دەیان و سەدان ساڵ هێرشیان کردووەتە سەری و تەفروتونایان کردووە و زیندەبەچاڵیان کردووە، بەڵام چۆنکە گەلی کورد - گەلێکی ڕەسەنە و خاوەنی شارستانی و کولتوری خۆیەتی، هیچ شتێک کاری تێنەکردووە و بەرهەڵسـتـیی خـۆی کـردووە، خـۆی پاراسـتـووە و جـارێکی دی خـۆی کۆکـردووەتەوە تا خـۆی گەیاندووەتە ئەمڕۆ. دەتوانم بێژم، کورد ئەورۆکە ناسراوە و مێژوو و شارستانێتی ئاشکرا بووە.

بەڵێ، گـەلی کـورد زۆر هەل و بواری لەدەستـداوە، لە ئەنجامی نەبوونی سەرکردەی حەکیم و لێزان و. لە ئەنجامی بوونی دەستی خیانەتکاری لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا و لەئەنجامی نەبوونی یەکێتی و بەرەیەکی ڕاستەقینەی نیشتمانیی کە هەموو لایەنەکانی کوردەواری لەژێر باڵیدا بحەوێنەوە و ڕیزی خۆیان پتەو بکەن و یەکدەست بن لەلێدانی دوژمندا.

**ئەمـڕۆ، رابوردوو نیـیـە! خـەڵکی چاوکـراوەیە. باوی سـەرشـۆڕی نەمـاوە. خـەڵک ئارەزووی سـەربەسـتی و سەربەخۆیی دەکـات. گـەلی کـورد هەسـتی بەوەکـردووە کـە دروسـتکردنی هێلانەیەک بۆ حەوانەوەی پێویستـە. نەتەوە نەماوە بێ هێـلانە بێت، ئەی گـەلی کورد کوا هێلانەی تێیدا بحەوێتەوە؟! کوا ئاڵای تا پێناسەی خۆی پێبکات؟ ئەمڕۆ هەلە و بۆ کورد ڕەخساوە، نابێ لەدەست بدرێ! ئەم هەلەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردسـتـان سـەریهـەڵداوە، با بەرەوپیری بڕۆین و بیقۆزینەوە تا دوژمن نەیقوزتووەتەوە...**

هەروەکو ئاشکرایە، ئێستـا باسی فیدرالی دەکرێ لە دەستووری کـاتی ئێراقدا. دەبێ بزانرێ یەکگرتنی فیدرالی، مەبەست لێی ئەوەیە، دەوڵەتێکی یەکگرتوو پێک بێت کـە ئەو دەوڵەتە یەکگرتووە لە چەند هەرێمـێـک، یان چەند دەوڵەتێک پێکدێت و، دەبنە یەک بەپێی دەسـتـوور و یاسـا لە شـێوەی یەکگرتنێکی هەمیشەیی کە دەستەی سەرۆکایەتی، دەسەڵاتی خۆی دەبینێ بەشـێـوەی ڕاسـتـەوخـۆ بەسـەر حکوومـەت و گـەلی ئەو دەوڵەتەدا و ئەم یەکگرتنەش بەم شێوە دەبێ:

١ ـ یەکگرتنەکە، سەربەخـۆیی دەوڵەتە ئەندامـەکـان و حکوومـەتەکـان دەگـرێتـەوە کـە پایەداریی دەوڵەتـیـان نامـێنێ، چۆنکە هەمـوویان بەیەک دەوڵەت دەژمێردرێن.

٢ ـ پایەدارێتیی تەنیا بۆ دەوڵەتە نێوەندیی (مرکزی) یەکەیەکە، لەبەر